## هەڵبژاردن بۆ؟! -- محەمەد ڕێکانی

(لیون بردات) لە پەرتوکە بە پێزەکەیدا بە ناوی (ئایدیایە رامیاریەکان) politieal ideologies دەڵێت: هیچ شتێك لە سیستەمی دیموکراتیدا لە پرۆسەی هەڵبژاردن گرنگتر نییە. واتە کاکڵ و کرۆکی سیستەمی دیموکراتی بریتییە لە پرۆسەی هەڵبژاردن، بەڵام دەپرسین بۆ هەڵبژاردن؟ بۆ ئازادی و مافی مرۆڤ نابێت؟ بۆ پرۆسەیەکی تر نابێت؟ چونکە گشت گۆرانکاریەکان لە دوای پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دێت وگشت لێپرسینەوەکان لە کاتی هەڵبژاردنەکان دەکرێن و لەگەڵ پرۆسەی هەڵبژاردنەکان پرۆسەی هەڵدانەوەی لاپەرەکانی گەندەڵی و خزمەتکردن و نەکردن دەست پێدەکات. هەروەها لەگەڵ وادەی هەڵبژاردنەکان دەسەڵات پێداچوونەوە بە کارەکانی پێشوودا دەکات و بەڵێن و پەیمانی شەرەف نوێ دەکاتەوە بۆ خزمەتکردن و تەوبە دەکات لە تاوانەکانی پێشووی لەسەر دەستی هاوڵاتیان و لەبەردەم سندوقی دەنگداندا.

بەڵام لێرەوە دەپرسین چ هەڵبژاردنێکە کە (لیون بردات) بەگرنگترین پرۆسەی یموکراسی ناودەبات، ئایا هەڵبژاردنێك ببێتە پرۆسەیەکی مردوو و بێ دەسەڵات و بێ گۆرانکاری کەی ئەمە هەڵبژاردنە؟ کاتێك پرۆسەی هەڵبژاردن ببێتە پرۆسەی خنکاندنی خودی دیموکراسییەت کەی ئەمە هەڵبژاردنە؟ کاتێك پرۆسەکە ببێتە پرۆسەی بێ ئیرادەکردنی هاوڵاتیان کەی ئەمە هەڵبژاردنە؟ کاتێك پرۆسەی هەڵبژاردن هیچ گۆرانکاریەکی بەدوادا نەبێت و ببێتە مراندنی گیانی بەشداری هاوڵاتیان کەی ئەمە پرۆسەی دیموکراتییە؟
کاتێك پرۆسەکە 12 ساڵ جارێك ئەنجام بدرێت و بێ کاریگەر بێت و هەریەك لیست بخرێتە بەر دەست هاوڵاتی و دەنگدەرەکەی ئەوە هەڵبژاردنە؟ خودی هەڵبژاردن واتە لە نێو چەند شتێك یەکێك هەڵبژێری، کاتێك هەر یەك شتت لە بەردەم بێت چ هەڵدەبژێری.
بۆیە کاتێك پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێتە گرنگترین پرۆسە لە سیستەمی دموکراتیدا کە ئەکتیڤانە دەرئەنجامی هەبێت و ئومێد بەخش بێت بە دەنگی دەنگدەرو دوور بێت لە تەزویرو پێشێلکردنی مافی دەنگدەرو ئازادیەکانی، هەر هەڵبژاردنێك کۆمەڵێك گۆرانکاری و خزمەتگوزاری بە دوا دابێت و دوو ئەوەندەش گەندەڵی بسرێتەوە.